# ئۆخژن

**فەوزیە مەنمی**

یەکەم دەرو دوو بەرەوڕوی ژورەکەی ئەوان ملت نا، ئەو ژورەی سیمبولی چاوەڕوانی و بێنازیی شەوانی ترسان لە سیمرخی ڕشەبا بە تەقوهوڕەکانی شار و دەنگە ناوازەکەی دارتێلەکان کردبویە خەزانێکی دێوەزمە ئاساو چۆکی لەسەر سنگتان دادابوو بە بێ گوێدانە ئەو شەکەتی و ماندوویەتیەی کە بە دریژایی ئەو ڕۆژانە جەستەتیان بەرنە ئەدا و لە حەشمەتان سەرت بەگێژەوە دەچوو، سەربوردەکان بە ئێستی فلیمێکی خەیاڵی و خەونەفەنتازییەکان نەبێت تا ئەو کاتەش لە ئاکارە لە ئاوەز بە دەرەکانت دادەنا (ئای چەند ڕۆژ سەرتان بە سنگی پورە جوانە مەرگەکەتانەوە دەنا و هەنسکی گریانی ئێمەو سۆزی بێ ئێوە دڵی پچڕان) سێرەت لە پۆرترێتی وێنەکەیان گرت و ئەو بزە فێلبازنەیەت بینییەوە کە کەمجار لە لێوانیان دە تۆرا (ئێوە بەسکێلە دایك بوون و قەدەر بەساڵهاتی وانەی سەیران بەیەکیەوە گرێدان و هێشتنیەوە لام، ئای ئەوەی مرۆ بڕیاری لە سەر ئەدات زۆر جاران ڕۆژگار ئێستی بۆ دەکا و لە ئاستیا شەقاو دەنێت). ملت بە لاشیپانی دەرگاکەوە ناو زیاتر بە ناو ئەو بزەو زەردەخەنەیەدا ڕۆچویت، ڕۆچویت لەگەڵ دیمەنی باکگراوند یی وێنەکەیان کە زیاتر بە هەور و هەلایەکی بەهارەباران دەچوو، دروست وەك ئەو باران و باهوڕەیەی کە هەرچی بڵێم ناگاتە تەنیا کە,تنێکی ناو قوروچڵپاوەکەی ڕێگای هات هات و ڕۆژی پەسڵان، نۆبووك بویت، کام تازە بووك ئاخر شەو نەبوو بەدەم هەنسکی گریانەوە لە خەو ڕانەبیت، ڕۆژ نەبوو لە مرواری چرکەکانی کاتژمێر و چاوەڕوانی ملیۆن کەندی فرمێسك نەهۆنێتەوە کە گوێد ێری لاوانەوەی دایکێك دەبووی بۆ نوستنی کورپەکانی هەناوت دەهاتەسۆ.

ڕۆژی دوەمی کۆڕەو بوو هاڕژنی باران لە نێو ئاپۆرەی ئەو حەشامە تەدا زەمهەریری خولقاندبوو بۆ پەناگەیەك دەرگەرایت چەند چرکەیەك خۆت لە چاوانی باران بزربکەیت، لە سایەی لۆرییەکدا ئارامت گرت، سەیرێکی ئاسمانت کرد، وەی لەو دیمەنە ترسناکانە تەختی ئاسمان گرژ گرژ و پەڵە پەڵەی هەوری ڕەش لەکەڵ بڵاچەی ناوەختە جارجارێك سەری نارەزایی بە زۆرێك لە بە ساڵاچووان بەرزدەکردەوە وەك گازندە لە ئافەریدەکار (ئای خودایە ئەوەی دەبینم خەونی دەساڵ لەمەوبەری منالێمەوە، ئەو بەیانیەی دەبوو زوو بڕۆین بۆ خوێدنگا) (بەرلەوەی لە خەو ڕابیت قەتارەی کۆچێکی ڕۆیتەنیی شەکەت و بێزار بەرەو نادیار ملیان دەنا لەو نێوەڕا ڕوەزەکان سەخت بوون، و قاچەکانیش دەرۆستیان نەدەهاتن، چاوەکان بەرزەفتی ڕوانینیان نە دەکردو دوای دە هەنگاو بێ ئامان لە حەژمەتی تاڵ و سوێری جەستەو گیان نەی دە پەرژیە سەر تێپەڕینی زەمەن، خۆت لە تەمەنی پیرە منالێکدا بینیییەوە و ئەوانیش گەورە بووبون.

گەورەیەکی تەمەن هەرزە بە شیبایی کارەساتەکان پێدەکنین کە بابایەکی ڕیش چەرمووی وێڵ بە خۆی و بن دەستێك نوسراوەوە ژێر خێمە و خێمە دەگەرا چرایەك کز کز دەگڕا، سەمەرەی دیمەنەکان بە دەردێکی بردی ئان و سات خۆت لە ئامێزی دایکتابینیەوە، ئەو ئامێزەی لە دووری سۆزی هەناسەی گەورەبوون لە نیوەڕۆیەکی ماندووی خوێندنگابێنەوە خۆتان کرد بە ماڵێکی چۆلی پڕلە یادەوەریدا، کە شۆفێری ماشێنەکە خێمەی لۆریەکی هەڵبڕی بۆ ئاوەچۆر سەرا پای لە ئاو هەڵکێشایت، سەیرێکی ئەوانت کردوو لە بنەوە بە دزەنیگا پێت پێدەکەنین،سێ ڕەتڵی شەو تێپەڕی بوو، هاوارێك هات بە دەنگی ڕا دیار بوو کو لە خێزانێکی پەرتەوازەوە بوو، دەیگوت : هۆ باوکە، هۆ ئەمان، بە سەر دارپەردوی کاولاشێکەوە قوتبوبونەوە هاواریان بۆ دەکردەوە : هۆوو پێدەکەنین، دەنگەکە قەڵس بوو بە هەموو هێزی نەڕاندی : من باوکم بانگ دەکەم یان یان ئێوە هەی بەچکە ینە؟

ئاو وەستا. بە کاروانی ڕێگەی ئەو ڕێیە نەوەستا، کۆرپە بە ئاو دەسپێردرا پیرداك و باب گۆر غەریب دەبوون، دواتر بێ ماڵ ئاوا ملی ڕێگا دەگیرا و لە نێو قەتارەی ئەو ڕەوە زنجیرەکان نەدەپسان و یەك لە یەك هەڵدەکشران. بە دەم هەنسکی گریانەوە ڕوخساریان نێزەی پرسیارێکی تێسرەواندی،چەند ساڵەئەم گرێیە خۆزگەیەو سات دوای سات هەست دەکەم دەبێتە ئاوات؟ چەندێك شەقاوەکان پتر لە سنور نزیك دەبونەوە بێ ئارامی و شڵەژانی دەروونی ئامبازت دەبون، کاتێکیش لەو ئاقارە لە ژێر خێوەتگاکاندا خانەخۆی بوون ئای چەند ئێوارە ماچتان ئەسپاردە (دووئاوان)و بە زەردەپەڕا سڵاوتان لە ئەزمەڕدەکرد. ئێوارە بوو کە دەستەیەك لە بەرپرسانی خێوتگا بۆ ئامار ناونوسیان دەکرد، ئێوە هەردووکتان هێشتا بە شەڕی پیرێژن و پیرمێردەکە پێدەکەنین کە بانگت کردن (گەشبین محەمەد حەسەن _ ڕێبین محەمەد حەسەن) خۆشم رووخسار لە خێڵی فەیلی ئەو قەدەرێك تێم راماو چاوانی بوونە دووتۆپەڵ

**پۆڵوی سوور و له بنەوەڕا سەیرێکی ئەوانی کرد (سیرانەکەتان کرد ؟ ئەی نامەی سەر تەلەفزیۆنەکەت خوێدەوە ؟ ئەتانزانی بەرەو ئێران ڕۆیشتوین ؟) کوا پورتان ئەو لە کوێیە ؟ نیگای لە قامکەکانم گرت و بۆ ئەنگوستیلەکەی ڕوانی ئەی شووەکەت کوا ؟) ئەوان وەك بیی ناو ئاو هەڵدەلەرزین و فرمیسکەکان شێلگیرانە بە چاویان ڕا دادەبارین، هیچ کام لە ئێوەش وەڵامی پرسیارەکانیان بۆ نەدەدرایەوە،ئەویش پەژموردانە فرمێسکەکان بە ڕیشە سپییەکەیدا دەهاتە خوارەوەو باوکانە یەکەیەکە لە ئامێزی دەگرتن.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت